# كؤمةلَةى ثيشمةرطة ديرينةكانى كوردستان

## سةرةتاى دروستبوون، ضالاكى و كردنةوةى لقةكان

## ثيويستى ثيكهينانى ئةم كؤمةلَةية

**ئامادەکردنی ئاوات کۆکەیی**

وشەی پێشمەرگە، بەهەموو پیرۆزی و بایەخداری و ئەو سامانە زۆرە ئەخلاقیەی کە لە رابردوودابەدەستی هێناوییێ دەناسرایەوە، لە دوای تێپەڕاندنی قۆناغی شۆڕش و لە ئێستای هاتنە ئارای سەردەمی نوێ خەریکە گەردو تۆزی دنیای فەرامۆشی و کاڵبونەوەی لێدەنیشێ.

بۆیە لە پێناو پاراستن و جارێکیتر برەو پێدانەوەی ئەو تایبەتی و بەها پیرۆزانەی کە لە وشەی پێشمەرگەدا ئاوێتە بوون، کۆمەڵێك تێکۆشەر لەچوار حزبی رەسەنی کوردایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی سوشیالیستی دیموکراتی کوردستان) کە ژمارەیان لە ٨٠ کەس زیاتربوو، دوای چەندین کۆبونەوەو تاوتوێکردنی بیروڕا، بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان – یاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش ، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نوسراوی ژمارە(٨٨/٨) لە ٢٠٠٥/٦/٢٦ مۆڵەتی رەسمی دەست بەکاربوونی کۆمەڵەی ناوبراوی ئیمزا کرد.

( **ئامانجەکان** )

لەبرگەی ئامانجە گشتیەکانی ناو پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستاندا هاتووە:

(کۆمەڵە باوەڕی بە دیموکراسی هەیە، و بانگەشە بۆ بیروباوەڕی دیموکراسی و پرسیپەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەکات و لە سۆنگەی رۆڵی گرنگ ودیاری پێشمەرگە لە مێژووی شۆڕشەکانی گەلی کوردا، کار بۆ بەزیندویی هێشتنەوەی ناو، و یادی پێشمەرگەوە وەکو سونبولی خەباتی نەتەوەیی رزگاریخوازیان دەکات، وەهەوڵدەدات بژێوی و ژیانێکی ئاسودەو شایستە بۆ پێشمەرگە دابین بکات)

جگەلەوەش، کۆمەڵە وەك مەرجەعی سەرجەم تێکۆشەرانی لایەنە سیاسیەکانی کۆڕی

خەباتی چەکداری، کاردەکات بۆ ڕێکخستنیو تۆمارکردنیناوی پێشمەرگە دێرینەکان بەپێی ئەو مەرجانەی لە پەیڕەوی ناخۆدا ئاماژەی پێکراوە.

پاشان هەوڵدەدات شوێنی نیشتەجێبوونو ڕەخساندنی هەلی خوێندنو هەرجۆرە پێداویستیەکی هەیان بێت بۆیان دابین بکات، وەلەکاتی لێقەومانو نەخۆش کەوتنو مردندا، هاوکاریخۆیانو خێزانەکانیان بکات.

**( سەرەتای دەست بەکاربوونو چالاکیەکان )**

وەك لەسەرتادا ئاماژەی پێکرا، ئەو دەستەیەی بەپێك هێنانی کۆمەڵەیان گرتە ئەستۆ ، جگەلەوەی سەرجەمیان تێکۆشەرە دێرینەکانی لایەنەکانی ناو کۆمەڵە بوون، زۆربەشیان لە ئێستادا بەرپرسی باڵای سیاسی و سەربازی لایەنەکانی ناوخۆیانن، وژمارەیان لەسەرو ٨٠ تێکۆشەرەوەیە ، لەساڵی ٢٠٠٤داو بەشێوەیەکی نارەسمی چەندین کۆبونەوەیان بۆ ئەو مەبەستە ساز کردووەبەڵام لەساڵی ٢٠٠٥ دا هەنگاوەکان گورجتر کرانو بەرەسمی لە رۆژی ٢/٢٨/ ئەو ساڵە دەستەی دامەزرێنەر یەکەم کۆبونەوەی خۆی سازکردووقسەو باسی لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە کرا:-

١. چۆنیەتی دەستبەکاربوونی ئەندامان و دابەشکردنی کارەکان.

٢. خوێندنەوەی پرۆژەی ئامادەکراو.

٣. دەست نیشان کردنی بەڕێز جەمیل هەورامی وەك سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، و هەریەك لە بەڕێزان حەمە ڕەشید قەرەداغیو محەمەد تەیب - یش وەکو جێگرانی سەرۆکی کۆمەڵە دیاری کران.

٤. بەدەنگەوە چونی پێشمەرگەی دێرین بەبێ جیاوازی کردن لەڕووی ڕەگەزیو لایەنی سیاسیەوە .

٥. دانانی لێپرسراوی بەشەکان.

٦. بڕیاردرا نوسراوێك ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت دەربارەی بودجەی کۆمەڵە .

هەروەها کاتژمێر ٩,١٥ دەقیقەی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٥/٤/٢١ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە ، کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا کە تێیدا باس لە شێوازی کارکردنی کۆمەڵەو دروست کردنی پێناسە بۆ ئەندامان کرابەشێکی ئەو کۆبونەوەیەش تەرخانکرا بۆ ڕەخساندنی ڕێو شوێنی وەرگرتنی بودجەی کۆمەڵەو پاشان بڕیاردرا بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، ئەوە بوو کاتژمێر ١١ی هەمان رۆژ ئەو سەردانە جێبەجێ کراو ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەزامەندی لەسەر داواکەیان نیشاندا.

لە سێهەم کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە کەلە کاتژمێر ٥,١٥ ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٧/١١ بەڕێوەچوو قسەو باس لەمەر ئەم بابەتانەی خوارەوە کرا:

١. تەشکیل کردنو پێکهێنانی لقەکانی کۆمەڵە لەشارەکانی تر.

٢. ناردنی نوێنەری کۆمەڵە بۆ لای بەڕێزان بەرپرسانی پارتی دیموکراتی

کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردنیان لەناو کۆمەڵەدا.

٣. ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بەگشتی و بەتایبەتیش دەرکردنی گۆڤارێك کە زمانحاڵی کۆمەڵە بێت .

٤. پێداچونەوەی کارو کۆبونەوەکانی ڕابردوو.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە کۆمەڵە ڕەچاویکردو کاری بۆ کرد، سازدانی کۆبونەوەی فراوان بو لەگەڵ سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی ناوچەکان بۆ ئەوەش بەمەبەستی ڕێگە خۆشکردن و کردنەوەی لقەکان لەو ناوچانە لەورووەوە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١٧ وەفدێکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان سەردانی شاری هەولێری کردو لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو شارە کۆبونەوەکی فراوانی بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵیان ئەنجامدا :

لە هەولێکی تری هاوشێوەدا هەر لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٥ سەردانی ناوچەی گەرمیان کراو کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو ناوچەیە ئەنجام درا.

هەمیشە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان باوەڕی وابوو کە هەموو لایەنە سیاسیە کوردیەکانی بەشداربوی کۆڕی خەباتی چەکداری میللەتەکەمان دەتوانن ببنە ئەندام لەناو کۆمەڵەدا، و هەوڵیشی داوە ببێتە مەرجەعی

گشتی تێکۆشەرە دێرینەکانی سەرجەم لایەنە سیاسیەکان، هەربۆیە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٥وەفدێك کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان جمیل هەورامی و حەمەرەشید قەرەداغی سەرۆك و جێگری سەرۆکی کۆمەڵە، وە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا بێستون سابوراوایی، هاوڕێ عەتاو مام جەوهەر، سەردانی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق-یانکردو لەبارەی بەشداری کردنی تێکۆشەرە دێرینەکانی پارتی لەناو کۆمەڵەدا گفتوگۆو بیروڕا ئاڵوگۆڕکرا. لە کۆتایی مانگی تەموز و بەئامادەبوونی سەرۆکی کۆمەڵە و هەردوو جێگرەکەی و نوێنەری لایەنە بەشداربووەکانی ناو کۆمەڵە ، کۆبونەوەیەك سازکرا ئەم خاڵانە قسەی لێوەکرا :١.میلاکی لقەکان. ٢.سەردانی ئەنجومەنی وەزیران. ٣.سەردانی بارەگای(پ.د.ك) بۆ بەشداری کردنیان لە کۆمەڵە. ٤. سەردانی مەکتەبی سیاسی لایەنەکان هەردوو بەڕێزان (مام جەلال وکاك مسعود بارزانی) . ٥. تەنسیق لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. ٦. ڕاگەیاندنی کۆمەڵە .

لەسەرەتای مانگی ئابی ٢٠٠٥ یشدا وەفدێکی کۆمەڵە بەسەرۆکایەتی جەمیل هەورامی سەرۆکی کۆمەڵە ئەندامێتی هەریەك لە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی کۆمەڵە (حەمە ڕەشید قەرەداغی، محەمەد تەیب و بێستون سابوراوایی ، هاوڕێ عەتا ، مام جەوهەر،

سەردانی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد دەربارەی بڕینەوەو دیاری کردنی بودجەی لقەکان .

ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٩ کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری سلێمانی کرا باس لە کردنەوەی لقی سلێمانی پێشمەرگە دێرینەکان کرا.

هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٨ جارێکی تر سەرۆک و ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵە کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا، تەوەرەی باسەکانیان بریتی بووله: پێداچونەوەی کارەکانی ڕابردووی کۆمەڵە و پێکهێنانی لقەکان و دابەشکردنی فۆڕم بەسەریاندا.

پێویستە بوترێت هەر لە سەرەتای دامەزراندینەوە، کۆمەڵە بڕیاریدا کاربۆ خستنە گەڕی ڕاگەیاندنی تایبەتبەخۆی بکات، تا لەو ڕێگەیەوە زیاتر ئامانجەکانی بپێکێ هەربۆیە ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٧ لە ئوتێل سلێمانی پالاس کۆبونەوەیەکی فراوانی بۆ زۆرێك لە نوسەرانی شاخ و ڕۆشنبیرانی پێشمەرگەی دێرین سازکرد،بەمەبەستی قسە کردن لەسەر ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە گشتی و چۆنیەتی دەرچوانی گۆڤاری پێشمەرگەی دێرین . لایەنی میوان کە پێك هاتبوون لە ژمارەیەك نوسەرو ڕۆشنبیری ناو لایەنەکانی کۆمەڵە بریتی بوونلە: بەڕێزان ( ئازاد جوندیانی، جەوهەر کرمانج، فازل قەساب، د. کەمال شاکر، ئەحمەد عارف، ڕەهبەری سەید براهیم، د. ئەلبیرت عیسا، فەرید زامدار، ئازاد چالاك، سەید تالیب کاکەیی، نەهرۆ هەینی، مامۆستا جوامێر ، یوسف، جەلال دەباغ، زیرەك کەمال و بە تێرو تەسەلی قسەیان لەبارەی پێویستی بوونی ئەم کۆمەڵەیەو گرنگی بواری ڕاگەیاندن بۆ ئەو مەبەستە کردو هەموشیان ئامادەیی خۆیان بۆ ئەو پرۆژەیە نیشاندا.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٢٧ ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان کۆبونەوەیەکی ئاسایی ئەنجامدا، هەندێك گۆڕانکاری لە شێوازی لێپرسراوێتیەکاندا کراو بەڕەزامەندی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا هەیکەلی کۆمەڵە بەم شێوەیە جێگیر کرا:

١. جمیل هەورامی – سەرۆك
٢. حەمە ڕەشید قەرەداغی – جێگری سەرۆك
٣. محەمەد تەیب – جێگری سەرۆك
٤. بێستون سابوراوایی / ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن.
٥. روناك شێخ جەناب / ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو لێپرسراوی کاروباری ژنان.
٦. هاوڕێ عەتا / ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو لێپرسراوی پرۆژەکان.
٧. مام جەوهەر / ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو لێپرسراوی پەیوەندییەکان.

٨.	حسێن خەلیفە / ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو لێپرسراوی بەشی یاساو مافی مرۆڤ

٩.	حەمە سەعید قەڵەو / ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو لێپرسراوی ئیدارەو دارایی

١٠.	هاشم کۆیی / ئەندامی ئەنجومەنی باڵا.

١١.	تەحسین کریم / ئەندامی ئەنجومەنی باڵا.

هەروەها چەند پێشنیازێکی وەك بونی نوێنەری ژنانی شاخ لەناو کۆمەڵە و رۆڵیان لە خەباتی چەکداریدا، بەزوویی کردنەوەی لقەکانی بەتایبەتی لقی راپەڕین و کەرکوك وکردنەوەی لقی هەندەرانی کۆمەڵە، خرایە روو.

دواتر بریاردرامەرجی بوون بە ئەندام لە کۆمەڵە (٣) ساڵ پێشمەرگایەتی بەسەر یەکەوە پێش راپەرین بێت. وە داوایان لێ بکرێت سەردانی لقەکان بکەن بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی ئەندامانە، لەگەڵ چەندین بابەتی تری پەیوەندیدار بە کۆمەڵەو پێشمەرگەی دێرین .

رۆژی ٢٠٠٥/١٠/٣ لە بارەگای گشتی کۆمەڵە، بەڕێزان جەمیل هەورامی بێستون سابوراوایی پێشوازیان کرد لە بەڕێزان دکتۆر محەمەد قادر خۆشناوو وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەو دیدارو پێشوازیەدا لایەنی میوان رایگەیاند کە مەبەستی سەردانەکەی پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە کردنەوەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و پاشان هەموو ئامادەییەکی وەزارەتەکەی وشەخصی خۆی بۆ هاوکاری کۆمەڵەو پێشمەرگە دێرینەکان نیشاندا..

شایانی باسە جگە لە نیشاندانی هاوکاری لەبواری تەندروستی بۆ کۆمەڵە لەلایەن بەڕێز وەزیری تەندروستی بڕیاریشی دا کە دوو ئامێری ئیستنساخ و کۆمپیوتەر ببەخشێت بە کۆمەڵەو پاشان جێبەجێ کرا.

لە ٢٠٠٥/١٠/٢٦ کۆبونەوەیئەنجومەنی باڵا لەگەڵ ئەندامان‌و لێپرسراوانی لقەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان :

تەوەرەکانی باس کردن : پەرلەمان بریارلەسەر رۆژێك بدات بەناوی رۆژی پێشمەرگە ، راگەیاندنەکان راپۆرتی مانگانەیان هەبێت، کۆکردنەوەی وێنەو نوسین‌و کاسێت و بلاّوکراوەکانی شۆڕش‌و پاشان ئەرشیف کردنیان.

هەروەها رۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٧ لە دیدارێکی تایبەتدا وەلەناو بارەگای ئەنجومەنی وەزیراندا بەڕێز بێستون سابوراوایی ئەندامی ئەنجومەنی بلاّو لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، لەگەڵ بەڕێزان کاروان شێخ عوسمان‌و بەهرۆز عەلی و کاك هەژار و کادرانی بواری ڕاگەیاندن کۆبونەوە.

لەو کۆبونەوەیەدا لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی کۆمەڵە داوای لێکردن دەربارەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە کادرانی ئەو

بوارەهاوکاری بەرچاوو پێشمەرگانەیان پێشکەش بکەن، لەبەشێکی تری کۆبونەوەکەدا باس لە بەرنامەیەکی هەمیشەیی تەلەفزیۆنی کراو گەشتی مەیدانی بۆ ئەو شوێنانە بکرێت کە کاتی خۆی مەیدانی رووداوەکان و داستانەکانی پێشمەرگەو دوژمن بووە، هەرلەو بەرنامەیەدا هەوڵبدرێ پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە و کەس و کاری شەهیدان بەسەر بکرێتەوە.

هەر سەبارەت بەڕاگەیاندن و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بوارە لە خزمەتی ناوو ناوبانگی پێشمەرگە بەگشتی و قسەکردن لەسەر دەرچوانی گۆڤاری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بەتایبەتی، ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٨ لەلایەن کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانەوە بانگهێشتی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و نوسەرو ڕۆشنبیر کراو لە ئوتێل سلێمانی پالاس کۆبونەوە.

بەرپرسانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بریتی بوون لە: بەڕێزان جمیل هەورامی و حمە ڕەشید قەرادا‌غی سەرۆك و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەو بێستون سابورواویی، حەمە سەعید قەڵەو هاوڕێ عەتاو ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵە . ڕۆشنبیرانی بانگهێش کراویش پێك هاتبوون لەم بەڕێزانە:–

فازل کەریم ئەحمەد، ڕەهبەر سەید ابراهیم، مامۆستا گۆران جەلال، ئەحمەد حامد.... سەرەتای کۆبونەوەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی شەهیدان لەلایەن ئامادەبوانەوەدەستی پێکردو پاشان سەرۆکی کۆمەڵە وتەیەکی پێشکەش کردو دەرگای گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانی کرایەوە.

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرابوو گفتوگۆکان تایبەت بوون بە بواری ڕاگەیاندن، و دیاریکردنی ناوو ڕێچکەی گۆڤارەکەش قسەی لەسەر کرا. .

ئێوارەی ٢٠٠٥/١٢/٢١ وەفدێکی ژنانی تێکۆشەری دێرین بەسەرۆکایەتی خاتو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامێتی هەریەك لە بەڕێزان خاتوو کافیە سلێمان وهەڤاڵ خەجۆ سەردانی بارەگای ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەیان کردو لەلایەن بەڕێزان جەمیل هەورامی و حەمە ڕەشید قەرەداغی و بێستون سابورواویی و روناك شێخ جەناب و حەمە سەعید قەڵەو مام جەوهەرو هاوڕێ عەتا سەرۆك و جێگرو ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵە بەگەرمی پێشوازیان لیّ کرا.

پاشان بە بۆنەی دامەزراندنی کۆمەڵەوە لایەنی میوان دەستخۆشیان بە ئامادەبوان ڕاگەیاند بەبۆنەی دامەزراندنی کۆمەڵەکەوە ئەوەشیان دوپاتکردەوە کەلەڕێی ئەو کۆمەڵەیەوە زیاتر دەتوانرێت خزمەت بە توێژی شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرە دێرینەکان بکرێت.

بەشێكی تری دیدارەكە تەرخانكرا بۆ گێڕانەوەی یادەوەریەكانی سەردەمی شاخ و هەریەك لە ئامادەبوان لاپەڕەی ئەلبومەكانی لەوبارەیەوە هەڵدایەوە تیشكیش خرایە سەر كارەكانی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەبواری ڕاگەیاندنی شاخ بەتایبەتی گرتنی وێنەی و ڕوداوەكانی سەردەمی شۆڕش بە كامێرای ڤیدیۆ .

كاتێكیش باس لە كۆمەڵەو دەرچوانی گۆڤارێك كرا، لایەنی میوان هەموو ئامادەیەكی خۆیان بۆ ئەو مەبەستەش نیشاندا..

شایانی باسە هەمان ڕۆژ وەفدێكی باڵای بزوتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستان سەردانی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستانی كردو لەلایەن سەرۆك و جێگری كۆمەڵەو ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا پێشوازی كران.

وەفدەكەی بزوتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستان پێك هاتبوون لە بەڕێزان ( شوكورەڵا محەمەد ئەمین و سامان عەلائەدین سكرتێرو ئەندامی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوەی ناوبراو وێرای پیرۆزبایی كردن لە دەستەی بەڕێوەبردنی كۆمەڵە ، لایەنی میوان داوایان لە هەڤاڵانی كۆمەڵە كرد ئەو پێشمەرگە دێرینانەی كە پێشتر لەناو لایەنەكانی تردا خەباتیانكردووەو ئێستا لە ڕیزەكانی بزوتنەوەكەیاندان، بەئەندام لە كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكان وەربگیرێن، لەبەرانبەر داواكەشیاندا سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای كۆمەڵە دوای گەیاندنی مەرجەكانی بوون بە ئەندام ، ڕەزامەندیان لەوبارەیەوە نیشان دا.

پێویستە ئەوەش بوترێت كە دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەڕێز حەمەی حەمەسەعید لێپرسراوی مەڵبەندی شارەزوور (ی.ن.ك) سەردانی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستانی كرد .

هەر لە میانەی چالاكیەكانی ئەنجومەنی باڵای كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان سەردانی چەندین پێشمەرگەی دێرینی ناوچە جیاجیاكان كراوە، بەشداری پرسەوبۆنەو ئاهەنگەكانی تێكۆشەرانیان كردووە.

لەڕووی چالاكیە مەیدانیەكانیشەوە، هەریەك لە سەرۆك وجێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای كۆمەڵە، پێشمەرگە دێرینەكان، لە مانگەكانی ٢٠٠٥/١٠،١١،١٢ بەمەبەستی هاندانی پێشمەرگەو جەماوەر بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق كە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٥ بەڕێوەچوو سەردانی چەندین گەڕەكی سلێمانی و ناوچەكانی وەك(پیرەمەگرون، سەید سادق، گەرمیان بە هەموو ناوچەكانیانەوە، ڕاپەڕین وهتد...) یان كردو چەندین كۆبونەوەی فراوانیان لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەكان و جەماوەر بۆ مەبەستی بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكان وپشتگیری

لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەنجامدا.

لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵە بەرەسمی بەیاننامەیەکی دەربارەی گرنگی هەڵبژاردن دەرکردو بەناو جەماوەری شاری سلێمانی و شارو قەزاو ناحیەکانی تردا بلاوی کردەوە.

لە رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٨ دا وەفدێکی بالآی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەرێز سەرۆکی کۆمەڵەو جێگرەکانی و ئەندامانی ئەنجومەنی بالآی‌کۆمەڵە سەردانی شارۆچکەی سەید سادقیان کردو لە هۆڵی وەلی دیوانە لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری هەورامان و شارەزوورو پێنجوین کۆبونەوەو چەندین تەوەرەی گرنگ قسەی لێوە کرا .

هەرلەو کۆبونەوەیەدا سەرۆکی کۆمەڵە بە ئامادەبوانی ڕاگەیاند :مەبەست لە دامەزراندنی کۆمەڵە خزمەتی زیاتر بە پێشمەرگە دێرینەکان وە کۆکردنەوەیان لەناو ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان، هەروەها ووتی بەپێی بریاری پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢دا دەبێت تێکۆشەرانی شاخ بەبێ جیاوازی هەولّی باشکردنی گوزەرانیان بدرێت لەگەڵ زۆر کارو پرۆژەی شایستە بەو توێژە، بۆیە سەرۆکی کۆمەڵە وتی: ئێمە کاربۆ زیندوو کردنەوەی ئەو بریارەوکار پێکردنی دەکەین .لەبەشێکی تردا باس لە یەکەمین کۆنگرەی پێشمەرگە دێرینەکان کراو بەرێز جمیل هەورامی ئاماژەی پێدا کە دوای کۆنگرە هەموو لێپرسراوی ئەنجومەنی بالآو لقەکانی کۆمەڵە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لەرێی هەڵبژاردنەوە دەبێت. شایانی باسە قسە لەسەر بەرنامەکانی داهاتووی کۆمەڵە کرا کە بریتیە لە دانانی سندوقی بەخشینی کۆمەك بۆ پێشمەرگەی دێرین و تەئمینی تەندروستی و بازارێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

هەرلە چوار چێوەی گرنگیپێدانی لێپرسراوان بە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی، رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٥ بەرێز ( حاکم قادر / سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ) و بەیاوەری بەرێزان نامق کانی بەردی و بەختیار رۆوف لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەردانی کۆمەڵیان کردو لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵەو جێگرەکانی و ئەندامانی ئەنجومەنی بالآی کۆمەڵەوە پێشوازیان لێکرا.

پاشان سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لە گرنگی دامەزراندنی کۆمەڵەکە دوای دەستخۆشی لەباش بەرێوەچونی کارەکانی کرد .

بەرێز جەمیل هەورامی سەرۆکی کۆمەڵە چەند داواکارییەکی خستە بەردەم لایەنی میوان و داوای کرد زیاتر هاوکاری پێشمەرگەی دێرین بکرێت بەتایبەت لەرووی پێدانی زەوی نیشتەجێ بوونەوە.

لەبەرانبەردا سەرۆکی شارەوانی ئامادەیی تەواوی بۆ داواکاریەکان نیشاندا، راشیگەیاند لە کاتی ئیفراز کردنی زەویدا بەشی تایبەت بۆ کۆمەڵە دیاریدەکرێت، هاوکاتیش مولیدەیەکی کارەبایی وەك هاوکاری بەخشیە بارەگای کۆمەڵە.

بەشێکیتری دیدارەکە تەرخان کرا بۆ قسەکردن لەسەر راگەیاندن و زیندووکردنەوەی ناوی پێشمەرگەی دێرین ، هەڤاڵ بێستون سابوراوایی لێپرسراوی راگەیاندنی کۆمەڵە کە ئامادەی ئەو دیدارە بوو، باسی لەبەرنامەکانی ئایندەی راگەیاندنی کۆمەڵە کرد داوای لەسەرۆکی شارەوانی کرد وەکو پێشمەرگەی دێرین هاوکاری ئەو بوارە بکات ، سەرۆکی شارەوانیش بەخۆشحاڵیەوە داواکەی پەسەند کرد . رۆژی ٢٠٠٦/٣/٧ هەردوو جێگرانی سەرۆکی کۆمەڵەو سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا لەبارەگای گشتی کۆمەڵە پێشوازیان کرد لە سەرۆك و ئەندامانی لقی کەرکوك کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دەربارەی کارو بارو کێشەکانی لقی کەرکوك کۆبونەیەکیان کرد .

هەرهەمان رۆژ ستافێکی راگەیاندنی رێکخراوی بەهێز کردنی توانای ژنان سەردانی کۆمەڵەیان کرد . ئێوارەی هەمان رۆژیش هەریەك لەبەرێزان رایەری سەید براهیم‌و مامۆستا شاهۆ سەردانی کۆمەڵەیان کرد و لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی باڵاوە پێشوازی کران .

**( کردنەوەی لقەکان )**

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان تا ئێستا جگەلە بارەگای گشتی کە لەناو شاری سلێمانی دایە، حەوت لقیشی لەناو شارو شارۆچکەکانی تر کردۆتەوە، هەولێر : رۆژی ٢٠٠٥/٨/١٠ وەفدێکی باڵای کۆمەڵە بە سەرۆکایەتی بەرێزان حەمەرەشید قەرەداغی و محەمەد تەیب جێگرانی سەرۆکی کۆمەڵەو ئەندامانی هەریەك لە بەرێزان: بێستون سابوراوایی‌و حەمە سەعید قەڵەو و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵە بەمەبەستی کردنەوەی لقی هەولێری کۆمەڵە سەردانی شاری هەولێریان کرد.

لە مەراسیمی کردنەوەی لقەکەدا ، هەریەك لە بەرێزان سەعدی ئەحمەد پیرەو مامۆستا رەوەندو ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێرو سنورەکانی دەوروبەری‌و جەماوەرێکی زۆر ئامادەببوون، چەندین ووتاربەوبۆنەیەوە خوێنرایەوە، تیشك خرایە سەر گرنگی کۆمەڵە و ئامانجەکانی.

سلێمانی: لقی سلێمانیش رۆژی ٢٠٠٥/٩/١٠ کرایەوە .

لەو مەراسیمەدا هەریەك لە بەرێزان جەمیل هەورامی و حەمەرەشید قەرەداغی سەرۆك‌و جێگری کۆمەڵە ،و بێستون سابوراوایی و حسێن خەلیفە و هاورێ عەتا ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا بەشداریان کردو ژمارەیەکی زۆرلە بەرپرسانی حزبی‌و حکومی‌و پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری سلێمانی پێشوازیان لێکراو ئاهەنگەکە دەستی پێ کرد . پاشان بەرێز حەداد سلێمان بەسەرۆکی لق‌و چەند هەڤاڵێکی تر وەك بەرپرسی بەشەکانەوە دەستنیشانکران.

لە درێژەی کردنەوەی لقەکانی تر رۆژی

٢٠٠٥/٩/٢٠ بەڕێزان جەمیل هەورامی و حەمەرەشید قەرەداغی سەرۆك و جێگری كۆمەڵە ،و بێستون سابوراوایی و مام جەوهەر سەردانی شارۆچكەی كەلاریان كردبە مەبەستی كردنەوەی لقی گەرمیانی كۆمەڵە ، لەوبۆنەیەدا كە بەڕێز ئەحمەد كرێكارو ژمارەیەكیبەرچاو لە پێشمەرگەو جەماوەر ئامادەبوون ،چەندین ووتارو بابەتی بەپێز بەو بۆنەیەوە خوێندرایەوە و لە كۆتایشدا بەڕێز شێرزاد باوە نوری كرایە سەرۆكی لقی گەرمیانی كۆمەڵە .

كەركوك : هەروەها لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٤ وەفدێكی باڵا بە سەرۆكایەتی حەمەرەشید قەرەداغی جێگری كۆمەڵە ،و محەمەد تەیب و بێستون سابوراوایی و حەمە سەعید قەڵەو و مام جەوهەر جێگری ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای كۆمەڵە ، سەردانی شاری كەركوكیان كردو لەلایەن جەماوەرو پێشمەرگە دێرینەكانی سنوری كەركوكەوە پێشوازی كران.

مەبەست لە چوونی وەفدی ئاماژە بۆ كراو بۆ كەركوك ، كردنەوەی لقی كۆمەڵە بوو لە كەركوك كە ٤٠٠ كەس زیاتر لە پێشمەرگەی دێرین و جەماوەر بەشداریان لەو ڕێ و ڕەسمەدا كرد ، هەریەك لە عەبدول ڕەحمن مستەفا پارێزگاری كەركوك و سیروانی كوێخا نەجم بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و چەند لێپرسراوی حزبی و حكومی ئامادەبوون.

لەو بۆنەیەدا ووتاری ئەنجومەنی باڵای كۆمەڵەولقی كەركوكی كۆمەڵەو لایەنە سیاسیەكان خوێنرایەوە تیشك خرایە سەر پێویستی بوونی كۆمەڵە بۆ خزمەتی توێژی تێكۆشەرانی دێرین.

شارەزوور: لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١/١٩ وەفدێكی باڵا بە سەرۆكایەتی حەمەرەشید قەرەداغی ،وئەندامێتی محەمەد تەیب و بێستون سابوراوایی و حەمە سەعید قەڵەو و مام جەوهەر و حسێن خەلیفە و هاوڕێ عەتا ، بەمەبەستی كردنەوەی لقی شارەزوور سەردانی هەڵەبجەی شەهیدیان كردو لقی شارەزووریان كردەوە , شایانی باسە جەماوەرێكی زۆرو نوێنەری لایەنە سیاسیەكان ئامادەیی ئەو ئاهەنگە بوون و هەریەكەیان ووتارێكیان لەو بارەیەوە خوێندەوە بەڕێز ئەكبەر ئێناخی وەكو سەرۆكی لقی شارەزوور دەست بەكاربوو.

لقی ڕاپەڕین....

دهۆك / هەر لە درێژەی كردنەوەی لقەكانی كۆمەڵە لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٨ وەفدێكی باڵا بە سەرۆكایەتی جەمیل هەورامی سەرۆكی كۆمەڵە،و بێستون سابوراوایی و مام جەوهەر و هاوڕێ عەتا ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای كۆمەڵە، بەمەبەستی كردنەوەی لقی بادینانی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكان ، سەردانی شاری دهۆكیان كرد پێشوازییەكی شایستەیان لێكرا.